## ماگنۆس یووانسۆن:

# دەمەوێت ئەو پەیامە بە سویدییەکان بگەیەنم کە کوردستان جیاوازە لە عێراق لە گشت ڕوویەکەوە

**ماگنۆس ڕۆژنامەنوسێکی سویدییە و لە کەناڵی چواری ڕادیۆی سوید وەک ڕیپۆرتەر و پەیامنێر کار دەکات و لە سەردانێکی بۆ کوردستان لە دەرفەتێکدا دواندمان بۆ ئەوەی بزانین ماگنۆس ڕۆژنامەنووس هەمان بیرکردنەوەی سویدییەکانی هەیە لە تێڕوانینی بۆ عێراق، بە بێ جیاوازیکردن لە دۆخی سەقامگیری کوردستان لەچاو ناوچەکانی تری عێراقدا.**

**سویدییەک لە بەستەڵەکانی ئەوێوە بۆ گەرمای ئێرە ئاخۆ چ هەستێکی لە لا درووست بووبێت؟**

**دیمانە/ نامق هەورامی**

*** لە سەرمای سویدەوە بۆ گەرمای کوردستان هەستتان چۆنە؟**

– زۆر تام و چێژ لەو گەرمایە دەبینم، ئێوە دەزانن زۆربەی کات لە سوید سەرما و باران هەیە، کە من هاتم باران دەباری، دڵخۆشم بەم گەرمایەی ئێرە.

*** میدیای ئەورووپی ناتوانێت ئەو واقیعە بگوازێتەوە کە کوردستان جیاوازە لە عێراق لەو بارەیەوە چی دەڵێن؟**

– لە ڕێگەی هاوڕێیەتیم لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کورد لە سوید دا هەست بەوە دەکەم کە کوردستان جیاوازە لە عێراق لە گشت ڕوویەکەوە و بە هاتنم بۆ ئێرە و بینینی ئەو واقعە زیتر بڕوام بە قسەی هاوڕێ کوردەکانم کرد.



*** ئەی کاتی ئەوە نەهاتووە ئەو واقعە بۆ ڕای گشتی ڕوون بکرێتەوە کە ئەمە دوو واقعی جیاوازن؟**

– بەڵێ کاتی هاتووە و دەمەوێت ئەو پەیامە بەگەیەنمە سویدییەکان کە عێراق و بارودۆخەکەی هەمووی یەک شێوە نییە و کوردستان زۆر جیاوازە لە ناوچەکانی تر.

*** کە گەڕایتەوە چی دەنووسیت لەسەر ئەم سەفەرەت بۆ ڕای گشتی سویدی؟**

– کە گەڕامەوە زۆر شت دەکەم، هەست دەکەم دەبوو کاری زیاتر بکەین بۆ ئەوەی ڕاستی شتەکان نیشان بدەین بەڵام نەمانکرد، ئەمجارە لە گەڕانەوەمدا زۆر کاری باش دەکەم بۆ ئێرە.

*** ئێستا لای کورد ئەو هەستە هەیە کە لە ڕابردوودا کە ئەنفال و کیمیاباران کراین ڕاگەیاندنی ئێوە بێدەنگی نواند، ئێستاش ئەو زوڵمە دەکرێت کە وەک هەموو عێراق مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن؟**

– ڕاستە بەردەوام غەدرتان لێکراوە بەڵام ئەم غەدرە نابێت بەردەوام بێت و پێویستە ڕاگەیاندنی سویدی لەو بارەیەوە بەخۆداچوونەوە بکات.

*** ئەگەر پەیامێکتان هەبێت یان قسەیەک، هەرچەندە دەمانویست زیاتر بدوێین بەڵام کاتتان کەمە؟**

– بەڵێ وایە لە ڕاستیدا خۆشحاڵم بەوەی ئێوە بەوجۆرە گرنگی بە کاری ڕۆژنامەوانی دەدەن، دەزانم گرفتی بەردەم ڕۆژنامەنووسان زۆرە نەک لێرە ئێمەش لەکاتی کارکردن گرفتمان هەیە بەڵام دڵسۆزی لە کارکردندا واتە سەرکەوتن بەسەر گرفتەکاندا و سوپاس بۆ ئێوە.